لە بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# چاوداگرتن

# لە ئاستی نامەحرەم

## حوكم و سودەكانی

## لە ڕوانگەی قورئان و فەرمووده و فەتوای

## زانایانەوە

ئامادەكردنی

كوێستان طاهر

پێداچوونەوەی

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده و نستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، أشهد أن لا إله إلا الله ، وأن محمدا عبده ورسوله ، أما بعد

**موسڵمانی بەڕێز :** بەڕاستی یەکێك لە بەخششەکانی خوای پەروەردگار بۆ مرۆڤ چاوە وەك هەموو ئەندامەکانی تری جەستەی مرۆڤ بۆیە دەبێ سوپاسی زۆری پەروەردگاری خاوەن بەخشش بکەین ، سوپاسیش تەنها بەدەربڕینی زمان نی یە بەڵك و بەکارهێنانی ئەو ئەندامەیە لەیاد کردن وگوێڕایەڵی کردنی خوای بەخشندە داوە پارستنیانە لەحەرام کراوەکان ... وەك بیلالی کوڕی سەعد دەفەرموێ : (( الذكر ذكران ؛ ذكر باللسان حسن جميل ، وذكر الله عندما أحل وحرم أفضل )) ، **واتا :** زیکرکردنی خوای گەورە دوو جۆرە : زیکرێك بەزمان کەچاك و جوان و تەڕو پاراوە ، وە زیکری خوای گەورە لەو شتانەی کە حەڵاڵی کردووە و ئەوانەش کە حەرامی کردووە و خۆگرتنەوە لێیان چاکترە .... یەکێکیش لە فەرمانەکانی پەروەردگار بۆ مرۆڤ چاوگرتنە لە ئاست حەرام کراوەکانیدا .

**موسڵمانی بەڕێز :** بزانە کە بەرپرسیاری بەرامبەر چاوەکانت لە پاشەڕۆژدا وەك هەموو ئەندامەکانی تر ، وە خوای گەورە لێت دەپرسێتەوە بەڵکو مۆر دەدا بەسەر دەمتدا و ئەندامەکانت کە لەدونیادا

بەپێی فەرمانی خوای گەورە پێیان هەڵنەساوی دەیان هێنێتە قسە کردن و هەموو شایەتیت لەسەر دەدەن ، وەك خوای گەورە دەفەرمویٚ : ﴿ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً ﴾ ( سورة الإسراء : ٣٦ ) ، **واتا** : بەڕاستی ئەندامەکانی بیستن و بینین و دڵ هەموویان کە سیٚ دروست کراوی خوای گەورەن خاوەنیان بەرپرسە لێیان .

جا لەبەر ئەوە پێویستە بەزەییمان بەخۆدا بێتەوە و چاومان بپارێزین ، چونکە چاو ئامرازی وروژاندنی هەستی مرۆڤە ، بۆیە ئەوەی کە چاوی داناخات دووچاری بێزاری دەبێت و هەمیشە غەم و پەژارەی زیاد دەکات و لەبیر کردنەوە و ئازاردا دەژی .

بۆیە دەبیٚ سوپاسی پەروەردگاری لەسەر بکەین و لە بیٚ فەرمانیدا بەکاری نەهێنین و سوپاسی خوای گەورە بکەین لەسەر ئەو بەهرانەی کە پێی داوین ، وە بشزانە پاراستنی ئەم ئەندامانە هۆکارن بۆ بەختەوەری مرۆڤ ، بۆیە پێویستە زۆر بەئاگا بین لە بەکارهێنانیاندا بۆ ئەوەی کەببنە هۆکاری بەختەوەریمان ، نەك پەنا بەخوای گەورە دوچاری نەگبەتی و سزای خواییمان بکەنەوە بەتایبەت چاو ، چونکە چاو یەکەم پەیژەی سەرکەوتنە بۆ تاوان بۆیە شەیتانیش دەرکی بەمە کردووە و زۆرتر لە ڕێگای چاوەوە دەچێتە ناو دڵەوە کەوایە چاوت بپارێزە و ئەو دەرگایەی شەیتانی نەفرین لیٚ کراو لەسەر خۆت داخە ، بۆ ئەوەی نەبیتە دۆستی

شـەیتان و بـەو دەردەت نـەبات کـە خـۆی پێـی چووە ، وە بشـزانە خـوای گەورە ئاگادارە بەو خیانەتـەی کە بەچاوت ئەنجامی ئـەدەیت کـە ئـەویش هۆکارێکـە بـۆ پیسـی دڵ و دەرون و لـەڕێ لادانیـان ، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێ : ﴿ يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ ﴾ ( سورة الغافر : ١٩ ) ، واتا : خوای گەورە شارەزا و بەئاگایە بەخیانـەتی چاو وە هەرچی دڵیشـە دەیشارێتەوە.

دڵ و دەروون لەجەستەدا هـەموو شـتێکی بـەڕوونی تێـدا دیـارە هـەموو شتێکی بەجوانی تێدا دەبینرێت گـەر بـەتاوان و سەرپێچی چڵکن نـەکرێن خیانـەتی چاویش یەکێکـە لـەو خیانەتانـەی کـە دەکرێتـە سـەرناموس و شەرەف و ئابڕو بۆیە بەپاراستنی چاوت لەو خیانەتە نەفست پاراستووە .

## بەڵگە لە قورئان و فەرمودەدا لەسەر حەرامیێتی نەزەر

خـوای گـەورە دەفـەرموێ : ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴾ ( سورة النور : ٣٠ ) ، **واتـا :** ئـەی پێغەمبـەر ﷺ بـە پیـاوانی بـاوەڕ دار بڵـێ کـە چـاویان داخـەن و تەماشـای حـەرامی پـێ نەکـەن ، وە داوێنـی خۆشـیان بپـارێزن ، ئـەوەش چاکترە بۆیان ، بەڕاستی خوای گەورە ئاگادارە بەوەی دەیکەن .

دەبینین خوای گەورە پاش فەرمان کردن بەچاو داخستن فەرمان دەکات بەپاراستنی داوێن چونکە پەیوەندی یەکی گرنگ لەنێوان چاوو داوێندایە کەخوای گەورە سەرنجمانی بۆ ڕادەکێشێ ، چونکە ئاوەڵا کردنی چاوو دانەخستنی کاری خۆی دەکات و ئەو وێنەیەی کەبەچاوی گرتوویەتی هەمیشە دەیباتەوە دونیای خەیاڵاتەوە و دوور نیە تەنها ئەو ڕوانینە بەرەو کاری خراپی تریشی ببات ، لەبەر ئەوەی داخستنی چاو هۆکارێکە بۆ بۆپاك ڕاگرتنی داوێن بۆیە خوای گەورە پێکەوە باسیان دەکات ، وە خوای گەورە هەستمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە ئاگاداربین و خۆمان بپارێزین گەرچی لەو کاتەدا چاو دێرمان بەسەرەوە نیە یان شەرم ناکەین بەڵام خۆ خوای گەورە ئاگادارە و هەمیشە چاو دێرە بەسەرمانەوە تەنانەت بۆ چرکەیەکیش لێمان غافل نابێ .

وە خوای گەورە وەك فەرماتی بەپیاوان کردووە کە چاویان داخەن بەهەمان شێوە لەپاش ئەو ئایەتە فەرمانی بە ئافرەتانیش کردووە کە چاویان داخەن و ئافرەتانیش هاوشانی پیاوانن لەفەرمان و پاداشت و سزاشدا بۆیە یاسای بۆ ئەوانیش داڕشتووە بۆ ئەوەی پەیڕەوی کەن و بەختەوەری پەروەردگار بەدەست بێنن ، وەك دەفەرموێ : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ﴾ ( سورة النور : ٣١ ) ، واتا : وە بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ چاویان داخەن لە ئاستی حەرام و

داوێنیشیان به‌پاكی ڕابگرن ، وه‌ جوانی و ڕازاوه‌یی خۆیان به‌ده‌ر نه‌خه‌ن بۆ جگه‌ له‌ مه‌حره‌مه‌كانیان نه‌بێت .

وه‌ك بینیمان خوای گه‌وره‌ فه‌رمان به‌ هه‌ردوو ڕه‌گه‌ز ده‌كات كه‌ چاویان داخه‌ن له‌به‌رامبه‌ر یه‌كتر و حه‌رام كراوه‌كانی كه‌دا ، به‌هه‌مان شێوه‌ پاش پاراستنی چاو خوای گه‌وره‌ فه‌رمان به‌پاك ڕاگرتنی داوێنیش ده‌كات ، چونكه‌ وه‌ك پێشه‌وا ( ابن القیم ) ده‌فه‌رموی : له‌ بنچینه‌دا چاو داخستن بۆ پاراستن و پاك ڕاگرتنی داوێنه‌ ، بۆیه‌ خوای گه‌وره‌ له‌ پێشدا باسی كردووه‌ ، وه‌ خوای گه‌وره‌ چاوی به‌ ئاوێنه‌ی دڵ داناوه‌ ، جا گه‌ر به‌نده‌ چاوی پاراست ئه‌وه‌ دڵیش ئاره‌زوو ئیراده‌ی كه‌م ده‌بێته‌وه‌ .

وه‌ زیاد له‌ مه‌ش خوای گه‌وره‌ فه‌رمانی كردووه‌ به‌ ئافره‌تان كه‌ جوانی و ڕازاوه‌یی خۆیان داپۆشن . بێجگه‌ له‌ مه‌حره‌مه‌كانیان . به‌ پۆشاكی حیشمه‌ت و شه‌رمین وشیرینی شه‌رعی ، كه‌ له‌سه‌ر فه‌رمانی په‌روه‌ردگار بڕا بێت ، نه‌ك به‌ ناو جله‌ شه‌رعی یه‌كانی ئه‌مڕۆ كه‌ به‌زۆری دوورن له‌ فه‌رمانی خوای گه‌وره‌ ، و ئامرازی ڕازاندنه‌وه‌ی ئافره‌تانن ، نه‌ك داپۆشینی جوانی یه‌كانی ئافره‌ت ، وه‌ بۆیه‌ لێره‌دا خوای گه‌وره‌ فه‌رمانی به‌ خۆداپۆشینی ئافره‌تان كردووه‌ ، چونكه‌ سفور بوون و ده‌رخستنی جوانی ئافره‌تان هۆكارێكی كاریگه‌ره‌ بۆ داڕووخانی كۆمه‌ڵگه‌ و له‌ ڕێ

لادانیان و بەدیهێنانی ئامانجی دووژمنانی ئیسلام ... وە ئافرت دوو جار تاوانبارە گەر بە پێی شەرع خۆی دانەپۆشێ :

١ ـ لەبەر ئەوەی کە فەرمانی پەروەردگاری پشت گوێ خستووە ، کە پەنا بەخوای گەورە ئەمەش هۆیەکە بۆ توڕەبوون و سزای خوایی .

٢ ـ وە بەو کارەشیان زیاتر سەرنجی پیاوان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و ئەوانیش تووشی نەزەر و سەرگەردانی و لەڕێ دەرچوون دەکەن .

وە خوشکم بزانە : ئەوە شەیتانە ئەو کارە بێزراوەت لاشیرین دەکات و بۆت دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی تووشی ئەو تاوانە گەورەیەت بکات ، چونکە لەو کاتەوەی کە بێ فەرمانی خوای پەروەرگاری کرد و خوای گەورە لە بەزەیی خۆی بەدەری کرد پەیمانی دا کە هەمیشە لە دژایەتی کردن و لەڕێ دەرکردنی بەندەکانی خوای گەورەدا بێت ، بێ ماندوو بوون ، بۆ لە خشتە بردنیان هەرجارەی بە ناوێك ، جارێ بەناوی مۆدە ، و جارێکی تر بەناوی پێشکەوتن و گەنجی و ... و ... و !! دەزانی بۆ ؟ بۆ ئەوەی هاودەمانی زۆر بێت ، بۆ ئەوەی ببیتە سوتەمەنی دۆزەخ ، جا کەوایە جوانی خۆت بپارێزە و بەدەری مەخە بۆ گورگە برسی یەکانی بەناو پێشکەوتن و ئازادی ئەوانە هیچیان لە تۆ ناوێ جگە لە جوانی و گەنجی

و ئابڕووبردن و له خشته بردنت نەبیٚ ، جا وریابه وه بەپاکی تۆ . گەوهەری بەنرخ . کۆمەڵگاش پاك و چاك دەبێت .

وه شەیتان ختورەی زۆره بۆ لـه ڕیٚ لادانی بەندەکانی پەروەردگار جا دەبینین نەزەرمان لا جوان و شیرین دەکات ، دەبیٚ لەو کاتەدا زۆر وریا بین و شـوێن ختـورەی شـەیتان نەکـەوین ، چـونکه هەمیشـه فـەرمانمان پـیٚ دەکـات بـه خراپـه و تـاوان ، وەك خـوای گـەوره دەفـەرمویٚ : ﴿ لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ ﴾ ( سورة النور : ٢١ ) ، واتـا : شـوێن ختـوره و هـەنگاوەکانی شـەیتان مەکـەون ، چونکه فرمانتان بەتاوان و خراپه پیٚ دەکات .

وه بزانـه تیٚـڕوانینیش زینـای چـاوه وه خۆشەویسـتیش لـه ڕیٚگـای چـاوەوه دەچیٚتە نـاو شـاری دڵـەوه ، دڵـیش بـیری لـیٚ دەکاتـەوه و هانـت ئەدات بۆ ڕۆشتن بۆی ، بۆیه بەزینا ناو براوه ، چونکه بەریـدی شتەکانە و دەیگوێزێتـەوه بـۆ دڵ وەك پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرمویٚ : " كتب على ابن آدم حظه من الزنا ، أدرك لا محالة له ، فزنا العينين النظر ... " ( متفق عليه ) ، واتـا : هـەموو مرۆڤێـك بەشـی خـۆی پیٚدراوه لـه زینـاو لـه سەریشـی نوسـراوه و ڕزگار بوونی لێی نیه : یەك لەوانه تیٚڕوانینی حەرامه که زینای چاوەکانە.

**موسڵمانی ژیر** : ئەم ئایەت و فەرمودانە هەموو زەنگی وریاکەرەوەن بۆ بەئاگابوون و دوور کەوتنەوەمان لە نەزەرکردن و فەرمانی خوای گەورەیە بۆ تۆی بڕواداری گوێڕایەڵ ، وە زۆریش جەختی لەسەر کراوەتەوە ، چونکە ڕێخۆشکارە بۆ زینای داوێن ، وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً ﴾ ( سورة الإسراء : ٣٢ ) ، **واتا** : نزیکی زینا و داوێن پیسی مەکەون ، چونکە بەڕاستی ڕەوشتێکی قێزەون و ناشیرین و ڕێگەیەکی خراپە .

خوای دانا زۆر بە جوانی و بە وردی ڕێنموویمان دەکات و وریامان دەکاتەوە لە فێڵی شەیتانەکان ، دەبینین لەم ئایەتەدا هەموو ئەو کارانەی حەرام کردووە کە ڕێخۆش کارن بۆ داوێن پیسی ، وەك نەزەر چونکە چاو دانەخستن و واڵاکردنی ئارەزوو دەورووژێنێ و تامەزرۆی دەکات و هیوا و ئارەزووی کاری ناشایستە و داوێن پیسی دەڕوێنێ ، بۆیە خوای گەورە کە دروستی کردووین لە هەموو کەس زیاتر تەنانەت لە خۆشمان شارەزاترە لێمان ، و دەزانێت چ شتێك بەزیانە بۆمان و لە خشتەمان دەبات بۆیە بە بەزەیی خۆی کە ئەو کارە دزێوەی لێ قەدەغە کردووین ڕێخۆشکار و هەنگاوەکانیشی بۆ دەست نیشان کردووین ، و فەرمانی کردووە کە لێشیان دوور کەوینەوە نەوەك پەنا بەخوای گەورە بێ ئاگا بین و فەرمانی پەروەردگار بشکێنین .

وە بێگومان نەزەر کردنیش وەك باس کرا هۆکاری کەوتنە ناو داوێن پیسیە بۆیە پێغەمبەری پێشەوا ﷺ ئامۆژگاری هاوەڵە بەڕێزەکانی کرد ، بۆ ئەوەی کە لە سەرە ڕێگا دادەنیشتن و فەمووی : " إياكم والجلوس على الطرقات ، قالوا : يا رسول الله ! هي مجالسنا مالنا منها بد ، قال : فإن كنتم لا بد فاعلين ، فأعطوا الطريق حقه قالوا : وما حقه ؟ قال : غض البصر وكف الأذى ورد السلام " ( رواه البخاري ) ، واتا : ئاگادارتان دەکەمەوە نەکەن لەسەر ڕێگا و بانەکان دانیشن ، هاوەڵان فەرمویان : ئەی چی بکەین کە هەر دەبێ دابنیشین و ناچارین ؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموی : دەی ئەگەر هەر دانیشتن و ناچار بوون مافی ڕێگا و بان بدەن : ووتیان مافی ڕێگا و بان چیە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ فەرمووی : مافی ڕێگا و بان ئەوەیە کە چاوت داخەیت لە ڕوانینی حەرام و دەستیشت بپارێزی لە ئازاردانی خەڵك و ئازاریان نەدەی ، وە وەڵامی سەلامیشیان بدەیتەوە .

( ابن القيم ) ـ ڕەحمەتی خوای لێبێ ـ دەفەرموێ : بنچینەی هەموو کارێکی خراپ کە بەسەر مرۆڤدا دێت نەزەرە ، چونکە نەزەر ختورە لە دڵدا دەڕوێنێ وپاشانیش بیر کردنەوە و هیوا خواستن بە دوایدا دەهێنێ ، وە ئەمەش ئارەزوو بەدوایدا دەڕوێنێت پاشان ئەو ئارەزووەش ویست و کردار بەدوای خۆیدا دێنێت ، تا وای لێدێت لای گەورە دەبێت و بەتوانای دەکات بۆ ئەوەی بکەوێتە کاری داوێن پیسی یەوە ، وە دەبێ ئەو ڕێگایە

دابخرێت و بەربەست بکرێت ، جا بۆیە ووتراوە ئارام گرتن لەسەر داخستنی چاو و پاراستنی زۆر ئاسان ترە لە ئارام گرتن لەسەر ئازار و ناسۆری یەکانی پاش ڕوانیندا ، جا دەبێ هەمیشە هەست بەچاو دێری پەروەردگارمان بکەین و چاومان لە ئاست قەدەغەکراوەکانیدا داخەین ، چونکە چاودێرە بەسەرمانەوە لە هەموو حاڵێکماندا ، وە گەر تووشی نەزەری لە ناکاویش بووین ئەوا دەبێ بەزوویی چاومانی لێوەرگێڕین ، چونکە تەنها یەکەمیان بۆ ئێمەیە وەك ( عبدالله ) ی کوڕی ( بريرة ) لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە عەلی کوڕی ئەبو تالیبی فەرموو : " لا تتبع النظرة النظرة ، فإن لك الأولى وليس لك الآخرة " ( حسنه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٢١٤٩ ، و في صحيح سنن الترمذي ، برقم : ٢٧٧٧ ) ، واتا : ئەی عەلی یەك لەدوای یەك مەڕوانە و تەماشا مەکە ، چونکە یەکەمیان بۆ تۆیە . بەیەکەم تێڕوانین تاوانبار نابیت . بەڵام ئەوەی دووەم جار بۆ تۆ نیە . واتا تاوانبار دەبیت . .

( **ابن الجوزي** ) . ڕەحمەتی خوای لێبێ . لە تەفسیری ووتەی پێغەمبەردا کە دەفەرموێ " لا تتبع النظرة النظرة ... " دەفەرموێ : لەوانەیە کەسێك واتای ئەمە بگۆڕێ بۆ دروستی و حەڵاڵی نەزەر کردن بە ویستەوە !! نەخێر بەو شێوەیە نیە ، بەڵکو مەبەست لە تەماشاکردنی یەکەمجار ئەوەیە کە بەبێ ویست و نەزانینەوە چاوی کەوتبێتە سەری وەك لە (

صحيح مسلم) دا هاتووە لە فەرمودەی جەریری کوڕی عبدالله کە فەرموی پرسیارم کرد لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ڕوانینی کوت و پڕ و لە ناکاو فەرموی : " أصرف نظرك " واتا : فەرمانی پێکردم کە چاومی لێوەرگێڕم ( ابن الجوزی ) . ڕەحمەتی خوای لێبێ . دەفەرموێ : وە ئەمەش لەبەر ئەوەی کە لە یەکەم ڕوانیندا دڵی ئامادە نەبووە و بیری لە جوانی یەکانی نەکردۆتەوە ، وە ئەوەش ڕوونە داوە کە چێژی لێوەرگرێ جا ئەگەر یەکەم ڕوانینی بەردەوام بوو تا ئەو ئاستەی کە دڵ و بیر و هۆشی ئامادە بێت ، ئەو کاتە یەکەم ڕوانینش وەك دووەم ڕوانینە لە تاواندا ، واتە یەکەم ڕوانینیش حەرامە ، ووتەی تەواو بوو .

**خوشک و برای بەئیمانم** : وەك حەرامی ڕوانین و نەزەرمان بۆ دەرکەوت لە بەڵگەکانی سەرەوەدا دەبا بیر و هۆشمان بەکار خەین و وریا بین و لە ئێستاوە بڕیار بدەین کە خۆمان بپارێزین لە زینای چاو ، گەرچی زینای بچووکیش بێ ، چونکە هەنگاو و ڕاکێشەرە بۆ داوین پیسی ، پێویستە بە یارمەتی خوای گەورە خۆمانی لێ بەدوور بگرین بۆ ئەوەی لەدوا ڕۆژدا زەرەرمەند نەبین و پەشیمان نەبینەوە ، هەموو کات دوا ڕۆژمان لە پێش چاو بێت و هەوڵ بۆ سەرفرازی و سەرکەوتنی ئەو ڕۆژە بدەین ئەوەش بەدی نایەت جگە بە خۆ بەهێزکردن بەیادی خوای گەورە و هەست کردن

به چاودێری له سەرمان و شکاندنی کۆتەکان و ئارام گرتن و سەرکەوتن بەسەر نەفس و ئارەزووەکانمان .

وه با له خوای گەوره بترسین ئاگاداری ئەندامەکانمان بین و له گوێڕایەڵی پەروەردگاردا بەکاریان بێنین پێش ئەوەی ڕۆژێك دابێت که هەموو بیٚ هێز و لاواز و چاوان نابینا بن و ببنه زەنگی شایسته بوونمان بەسزای خوای بالاّدەست ... وه با هەمیشه له کاری چاکەدا بەکاریان بێنین پێش ئەوەی که ڕۆژێك دابێت شایەتیمان له سەر بدەن بۆ ساتێکیش به خەیاڵتدا هاتووه دەزانی ئەو ئەندامەی که تۆ بۆ ساتیٚ چێژ وەرگرتن له بیٚ فەرمانی پەروەرگاردا بەکاری دەبەی ، شایەتیت لەسەر دەدا !! ئای لەو ڕۆژه چەند سەخت و دژواره .

وریابە خوشکم .. وریابە برام : بۆ چەند ساتێکی کەمی بڕاوه خۆت مەخه داوی شەیتانی جنۆکه و مرۆڤەکان دوا ڕۆژت لەدەست مەده با نەبیته هۆی ڕیسوایی ، وه نەشبیته جێی گاڵته پێکردنی ئەندامەکانت ، چەنده ڕووداوێکی ناخۆش و ناهەمواره له ڕۆژێکدا که هەموو ئەندامەکانی لاشەت شایەتیت لەسەر دەدەن که چاویش یەکێکه لەو ئەندامانه که له هەموویان زیاتر چێژی لەشته حەرام کراوەکان بینیوه و خوای گەوره دەیهێنێته گوفتار و دەڵیٚ . به من بۆ حەرامی دەڕوانی . وه هەر ئەویش بووەته هۆی ئەنجامدانی زۆربەی تاوانه ڕیسواکەرەکان ، دەی

پـێش ئـەوەی ئـەو ڕووداوەت بەسـەر بێـت و کـات بەسـەر چـیٚ و بـەهاری عـومرت بەسەرچـیٚ و گـەڵای تەمـەنت هـەڵوەرێت بگـەڕێوە ، چونکە لـەویٚ گەستنی پەنجەی پەشیمانیش هیچ فریات ناکەویٚ و دادت نادات !!

❁ ❁ ❁ ❁ ❁

## نەزەر لە فەتوای زانایاندا

**پرسیار :** حوکمی ڕوانین بۆ ڕووی ئافرەتان چیە لە لایەن پیاوانـەوە جا ئەو ئافرەتە گۆراتی بێژ بیٚ یان ئەکتەر لە شاشەی تەلەفزیۆن یان ڤیـدیۆ و سینەما یان وێنەی ئافرەتێ بەبەرگی گۆڤار یان ڕۆژنامەیەکەوە بێت ؟

**وەڵام :** ڕوانین بۆ ڕووی ئافرەت قەدەغە کراوە و دروست نیـە ، چونکە هۆیەکـە بـۆ توشـبوونی فیتنـە ، وەك خـوای گـەورە دەفـەرمویٚ : ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ... ﴾ ( سورة النور : ٣٠ ) ، واتـا : ئـەی پێغەمبـەر ﷺ بـە پیـاوانی بـاوەڕ دار بڵـیٚ کـە چاویان داخـەن و تەماشای حەرامی پیٚ نەکـەن ... نەهیەکە ڕوانینـی ڕووی هـەموو ئافرەتـیٚ دەگرێتـەوە ، وێنـە بـیٚ یـان نـا ، وەك یـەك وایـە گـەر وێنەکـە بـەڕووی پەڕەیەکەوە بێت یان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یاخود لەهەر کویٚ بێت ( فتاوى علماء بلد الحرام : ابن باز ) .

**پرسیار : ئایا دروستە بۆ پیاو بڕوانێ بۆ ئافرەتی بێگانە ، زیاتر لە تێڕوانینێکی لە ناکاو ، وە ئەگەر دروست نیە ، ئایا دروستە بۆ قوتابیاتی پیاو ئامادەی وانەیەك بن کە ئافرەتێك بیڵێتەوە و لە هەمان کاتدا پۆشاکێکی تەسك و بەدیاری لەبەردا بێت ، بە بیانووی ئەوەی کە خوێندنە؟!**

**وەڵام : دروست نیە بۆی بڕوانێت زیاتر لە ڕوانینی لەناکا و ، مەگەر لە کاتێکدا نەبێت کە زەرورەت بێت ، وەك لە حالەتی فریاکەوتنی خنکان لە ئاودا ، یان ڕزگار کردنی لە کەوتنەوەی ئاگردا ، یان ڕووخاندن ، یان بەدەرخستنی لەکاتی چارەسەری پزیشکی دا ، گەر ئافرەت نەیتوانی هەستێ بەو چارە سەرکردنە** ( اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ) .

**پرسیار : حوکمی ڕوانین بۆ ئافرەتی نامەحرەم ( بێگانە ) چیە سەبارەت بە پیا و بۆ ئافرەتان یان ئافرەت بۆ پیاو لە کاتی تەماشاکردنی تەلەفزیۆندا ؟**

**وەڵام : دروست نیە ، چونکە زۆربەی کات لەسەر تەلەفزیۆن شوێنی حەرامیان بەدیارە و ڕوتن . وە هەروەها لە پیاوانیش خۆیان جوان دەکەن و ڕازاوەن کە ئەمەش جوڵاندنی فیتنە و خراپەکارییە لە زۆربەی کاتدا (** اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء )

**پرســـیار : ئایا دروسـتە پیـاوان بڕواننـە ئافرەتـانی بێگانـە وە بـە پێچەوانەشەوە ، واتە : ئافرەتان بڕواننە پیاوانی بێگانە ؟**

**وەڵام : بەهیچ جۆرێك دروسـت نیـە بۆ ئـەو جۆرە پیاوانـە کـە دەڕواننـە ئافرەتی بێگانە و هەوا و ئارەزوویان بەو شتە پیس و بێزرا و تێر دەکەن ، یان ئەو ئافرەتانەی کـە دەڕواننـە پیـاوی بێگانـە و بەغـەمزەی چاو یان بە پێکەنین و قسەکردن تەمەنیان بەسەر دەبـەن !! بـەوەش پێویسـتە ئافرەتی موسڵمان هەمیشە خاوەن شەرم و حـەیای خـۆی بێـت و ڕەگـەزی مێینـەیی خۆی بپارێزێت . وە ئەوەش باشترە بۆیان** ( فتاوى حجاب المرأة المسلمة : ل٧٩ ) .

❁ ❁❁ ❁ ❁

## ووتەی زانایان و ناوداران لەسەر تیڕوانین

لە پێشدا خراپی و نالەباری و ناڕەوایی نەزەرت بۆ دەرکەوت کە ئەویش یەکێکە لە تاوانەکان و تووشی دڵە ڕاوکێ و بیرکردنەوەمان دەکات و بەرەو کاری خراپ و ناشایستەمان دەبات و پاشانیش . پەنا بەخوای گەورە . سزای خوایی دەبینین لەبەر ترسناکی ئەم باسە هاوەڵانی بەڕێز و زانایان و ناودارانیش گرنگی یەکی تایبەتیان بەم باسە داوە و نوسراو و ئاگاداریان لەم بارەوە هەیە .

**حەسەنی بەسری** ـ ڕەحمەتی خوای لێبێ . دەفەرموێ : هەر کەس چاوەکانی بەڕەڵا بکات و بیگێڕێت لە ئەم لاو ئەو لادا ئەوا غەم و پەژارەی زۆر دەبێت .

وە لە ( التبصرة ) دا هاتووە کە عیسای کوڕی مەریەم . عليه السلام . دەفەرموێ : نەزەرکردن ئارەزوو و شەهوەت لە دڵدا دەچێنێت وە هەر ئەوەندەش بەسە کەتاوان بێت .

( ابن الجوزي ) . ڕەحمەتی خوای لێبێ . دەفەرموێ : بزانە کە بنچینەی عیشق و ئەوین واڵا کردنی چاو و نەزەری حەرامە ، وە ترسناکی لەسەر ئافرەتانیشە وەك ترسناکە لەسەر پیاوان ، وە دەفەرموێ : بەڕاستی ئەوەی کە ئاینی زۆر لەخوا پەرستانی لە ناو برد واڵا کردنی چاو و

نەزەری حەرام بوو ، وە ئەوەش کە بەدوایدا هات . جا ئامان وریای ئەمە بن .

( ابن القيم ) ـ ڕەحمەتی خوای لێبێ . دەفەرموێ : سەرەتای هەموو تاوانێك بەهۆی چاوەوەیە ، هەر بۆیە کە فەرمان کراوە بە داخستنی ، چونکە ئەمە پێشەکیەکە بۆ پاراستنی داوێن ، وە هەموو ڕووداوێکیش سەرەتاکەی ڕوانینە .

## سودەکانی چاو داخستن

بێگومان خوای گەورە کاتێ شتێك قەدەغە دەکات لە بەرامبەریدا پاداشتی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە گوێڕایەڵی دەبن ، و لە پێناویدا وەك پەرستشێك خۆیان لەو تاوانە بەدوور دەگرن ، بەهەمان شێوە پاداشتی لەسەر چاوداخستن و پاك ڕاگرتنی داوێنیش داناوە . وەك لەپاش ئەوەی کە فەرمان بەپیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار دەکات کە چاویان داخەن و تەماشای حەرامی پێنەکەن . کە ئەویش یەکێکە لە تاوانەکان . لە کۆتایی فەرمان بەچاو داخستنیاندا دەفەرموێ : ﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ ( سورة النور : ٣١ ) ، واتا : وە هەمووتان تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە بەڵکو سەرفراز بن .

**باوکی ئومامە دەفەرموێ : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەیفەرموو :** " أكفلوا لي بستٍ أكفل لكم الجنة ... وغضوا أبصاركم ... " ( حسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ١٥٢٥ ) ، **واتا : ئێوە شەش شتم بۆ بپارێزن ئەوا منیش کەفیلی و زامنی بەهەشتتان بۆ دەکەم ... وە چاوتان بپارێزن و بۆ حەرام پێی مەڕوانن .**

**وە لە فەرمودەیەکی تردا لە ( صحيح ) ی پێشەوا بوخاری دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :** " مَنْ يَضْمَنْ لِي مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ أَضْمَنْ لَهُ الْجَنَّةَ " ( رواه البخاري ) ، **واتا : وە هەر کەسێ زمانی و ئەوەی لە نێوان ڕانەکانیەتی بپارێزێ ، ئەوا منیش کەفیلی و زامنی بەهەشتی بۆ دەکەم.**

**وە ووتراوە هەرکەس ئەم چوارە بپارێزێت ئەوا دینی پارێزراوە : تەماشاکردنی حەرام ، بیرلێکردنەوەی ، دەربڕینی بە ووشە ، ڕۆشتن بۆ کارەکە .**

# دوا ووتە

**خوشـك و بـرای موسـڵمانم :** هیـوا خـوازی لێبـووردنی خـوای گـەورە و بەهەشتەکەیم بۆ هەموو لایەکمان ، لەپاش ئەوەی کە حوکمی نەزەرمان بۆ ڕوون بوویـەوە ، کـە چەند ترسناکە و جگـە لـە خراپی بـەدوادا نایـەت کـە هۆیەکیشە بۆ توشبوون بە نەخۆشی ( عیشق ) خۆشەویستی بیّ بنەوا ، و زۆر جـاریش سـەپاندنی بـیّ ئاگـایی لـە خـوای گـەورە و ڕۆژی دوایـی کـە چاوەڕوانمانە ، دەبینین زۆر کـەس توشـی کـاری ناشایستە و سەرشۆڕی بارەگای پەروەردگاریان بوون یەکەم هەنگاویشی تەنها نەزەرێك بوو ، زۆر جوانیـان فـەرمووە ئەوانـەی کـە فەرمویانـە نـەزەر پـەیکێك شـەرابە ، چۆن کەسێك سـەر خـۆش بێت ئاگـای لـەخۆی و دەورووبەریشـی نیـە بەهـەمان شێوە کەسێکیش ژیری کەم بێت نەزەر بنێرێت بۆ دڵی و بیری لیّ بکاتەوە ، وەك سەرخۆشـێك وایـە زۆر دەکەوێتـە تاوانـەوە کـە زۆر جـار بـەخراپ کۆتایی دێـت بەڕاسـتی مرۆڤی ژیـر گـەر تێبینـی دوا ڕۆژی خـۆی کردبێـت ئـەوا چـاوی دادەخـات و والآی ناکـات و بـەم لاو لادا نایگێڕێـت ، و دڵ و دەروونـی خـۆی بەپاکی ڕادەگرێت . جا ئامـان خوشك و بـرای لاو و ژیـر نەکەی ئـاوڕ لـە پیلانـەکانی شـەیتان بەیتـەوە و خـۆت بخەیتـە داویـەوە . و هـەروەها گوێڕایـەڵ نـەبی بـۆ ئـەو کەسـانەش کـە شـوێن پـیلان و نیگـای شـەیتان و ئـارەزووی بـیّ سـنووری خۆیـان کـەوتوون و نـەزەر و ڕوانینـی

هەردوو ڕەگەز بۆ یەکتر بەڕەوا و دروست ئەزانن هەر کەسێکیش بەرهەڵستی لەو تاوانە بکات کەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ حەرامیان کردووە بەدواکەوتوو و نەفام و شوێن خەیاڵات کەوتووی دەزانن !! گومانت نەبێ ئەوەی کە خوای کار لەجێ و پێغەمبەرەکەی ﷺ حەرامیان کردووە گوێڕایەڵی بوونیان هەموو خۆشحاڵی و سەرفرازی یەکی بۆ تۆ تێدایە ، چونکە خوای گەورە شارەزایە بەوەی کە سوود و زیانی بۆ تۆ هەیە وە پێغەمبەریش ﷺ لە هەموو کەس تەنانەت لەنەفسی خۆشمان زیاتر دڵسۆزترە بۆمان .

جا ئامان وریابە چاوەکانت بپارێزە و دای خە لە ئاست حەرامکراوەکاندا بۆ ئەوەی دینەکەت و پاشە ڕۆژیشت پارێزراو بێت .

داواکارم لەخوای بەبەزەیی یارمەتیمان بدات بۆ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی و داخستنی چاومان و ڕاگرتنی دڵ و دەروونمان بەپاکی .

هەر ئەویش چاکترین یارمەتی دەر و پشتیوانی بڕوادانە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ